
NHS SCOTLAND

# دەرمانخانەی یەکەمی NHS سکۆتلەندی


## رێنمایی | چارەسەر | ناردن



رێنمایی لەسەر نیشانەکانی تۆ



چارەسەر ئەگەر پێشنیارکرا



ناردن بۆ خزمەتەکانی تر

## زانیاری بۆ نەخۆشەکان

Healthier Scotland
Scottish Government

## دەرمانخانەی یەکەمی سکۆتلەندی NHS چیە؟

- **دەرمانخانەی یەکەمی سکۆتلەندی NHS** خزمەتێکی NHSـی پێشکەشکراوە لەلایەن دەرمانخانەی کۆمەڵەی خۆجێیی (دەرمانخانەیەک بە گرێبەستێک بۆ پێشکەشکردنی ڕەچەتەکان و خزمەتەکانی NHS).
- ئەگەر تۆ نەخۆشیەکی بچووکت هەیە، دەرمانخانە یەکەم شوێنە کە دەتوانیت ڕێنمایی تێدا وەربگریت.
- ئاساییانە تۆ پێویستت بە چاوپێکەوتن نابێت و دەتوانیت بۆ هەر دەرمانخانەیەک بچیت.
- دەرمانسازەکەت دەتوانێت ڕێنمایی بداتە تۆ بۆ نەخۆشیەکی بچووک، و دەرمانیشت پێبدات ئەگەر پێی وابیت کە پێویستت پێیە.

## ئەم خزمەتە بۆ چ کەسێکە؟

تۆ دەتوانیت **دەرمانخانەی یەکەمی سکۆتلەندی NHS** بەکار بهێنیت ئەگەر لای پزیشکی گشتی لە سکۆتلەند ناوت تۆمار کردبێت یان لە سکۆتلەند بژیت. ئەگەر پێویستت بە زانیاری زیاتر هەیە، قسە لەگەڵ تیمی دەرمانخانە بکە.

## ئەم خزمەتە چۆن کار دەکات؟

- دەرمانساز و تیمەکانیان پسپۆڕانی دەرمانین و دەتوانن لە نیگەرانیەکانی تەندروستی بچووک دا یارمەتیت بدەن.
- دەرمانسازێک دەتوانێت ڕێنمایی و چارەسەر پێشکەشی تۆ بکەن (ئەگەر پێویستت پێیە) بۆ نەخۆشیگەلی بچووک وەک ئەمانەی خوارەوە.

| | |
|---|---|
| قینچکە | ئەسپێی سەر |
| هەستەوەری | مایەسیری(مۆم) |
| شەقڵی پێ | پووشەتا |
| پشتئێشە | برینی زەرد |
| گیرانی لووت یان ئاوی لووت | قەبزی |
| تامیسک | دەم کولی |
| قەبزبوون | ئێش |
| کۆکە | ئێشی سووری مانگانە |
| هەوکردنی ڕێڕەوی میز(لەناو ژنان) | قورگئێشە |
| سکچوون | کرم |
| ئازاری گوێ | تەبەق |
| بیرۆ | بالووکە |
| سەرئێشە | دومەڵ |

- دەرمانسازەکان هەر وەک پزیشکانی گشتیی، دەتوانن تەنیا دەرمان و بەرهەمێک تایبەت لە NHS پێشکەش بکەن. هەموو ئەمانە سەلمێندراون کە بۆ چارەسەرکردنی دۆخی تۆ کاریگەر بن. ئەگەر پێویستت بە دەرمان یان بەرهەمێکی تایبەت هەیە، لەوانەیە پێویست بکات بیکڕیت. دەرمانساز لەسەر ئەمە ڕێنماییت پێدەدات.
- ئەگەر دەرمانساز پێیوابێت باشتر وایە سەردانی پزیشکی گشتیی خۆت بکەیت، ئەوا لەوانەیە ڕاستەوخۆ بتنێرن یان پێت بڵێن دیمانەیەک وەربگریت.

## من چۆن ئەم خزمەتە بەکار دێنم؟

- **دەرمانخانەی یەکەمی سکۆتلەندی NHS** لە هەموو دەرمانخانەکانی سکۆتلەندا بەردەستە کە هەموو دەرمانە ڕەچەتەکراوەکانی NHS بلاو دەکاتەوە.
- تۆ دەتوانیت ئەو دەرمانخانەیە هەڵبژێریت کە دەتەوێت بەکاری بهێنیت.
- لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ناچار نیت دیمانە وەربگریت.
- کاتێک کە سەردانی دەرمانخانە دەکەیت، دەرمانساز (یان یەکێک لە تیمەکەیان) هەندێ زانیاریت لێدەپرسن، وەک ناو، ڕۆژی لەدایکبوون و کۆدی پۆستیت.
- دەرمانساز:
  - دەربارەی نیشانەکانت دەپرسێت؛
  - ڕێنمایی لەسەر دۆخی تۆ دەدات؛
  - دەرمان پێشکەش دەکات (ئەگەر پێویست بکات)؛ و
  - تۆ دەنێرێت بۆ لای پسپۆڕێکی دیکەی چاودێریی تەندروستی (بۆ نموونە، پزیشکی گشتیی خۆت) ئەگەر پێیانوابێت پێویستە.
- ئەوان تۆمارێکی دەرمانی نەخۆش (PMR) ڕێک دەخەن بۆ ئەوەی یاداشتێک بنووسن لەسەر هەر ڕێنمایی یان چارەسەرێک کە دەیدەن بە تۆ.
- تۆ دەتوانیت داوا بکەیت کە ناوچەی ڕاوێژی دەرمانخانە یان ژوورەکەی بەکار بهێنیت، ئەگەر پێویستت بەوەیە کە بەشێوەی تایبەت لەگەڵ دەرمانسازەکە قسە بکەیت.

## ئایا هێشتا دەتوانم بۆ دەرمانخانەکانی دیکە بچم؟

- بەڵێ، تۆ بۆ کڕینی دەرمان، وەرگرتنیڕەچەتە یان بەکارهێنانی خزمەتی **دەرمانخانەی یەکەمی سکۆتلەندی NHS** دەتوانیت بۆ هەموو دەرمانخانەیەک بچیت. پێویست ناکات هەمیشە یەک دەرمانخانە بەکار بهێنیت.
- بەڵام، ئەگەر هەمیشە هەمان دەرمانخانە بەکار دێنیت، دەرمانساز دەتوانێت تۆمارێک بۆ چارەسەریەکەت ساز بکات، کە لەوانەیە یارمەتیت بدات دۆخی خۆت بەشێوەیەکی کاراماتر بەڕێوە ببەیت. (ئەم تۆمارە لەگەڵ هیچکەسێکی تر هاوبەش ناکرێت.)

## چ ڕوو دەدات ئەگەر من لە ئاست خزمەتێک کە لە ئەم دەرمانخانەیە وەرگرتووە ناڕازی بم؟

- یەکەمجار، لەگەڵ دەرمانسازەکە قسە بکە بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن هەوڵ بدەن بابەتەکەت دەسبەجێ یەکلایی بکەنەوە.
- ئەگەر نەتتوانی ئەم کارە بکەیت، یان ئەگەر پێشتر لەگەڵ دەرمانسازەکە قسەت کردبێت و هێشتا ناڕازیت، ئەوا دەتوانیت پەیوەندی بە تیمی کاردانەوە و سکاڵاکان بکەیت لەسەر دەستەی تەندروستی خۆجێیی NHSـی خۆت. زانیاری پەیوەندیکردن لەسەر ماڵپەڕی زانیاری NHS پێشکەش دەکرێت [www.nhsinform.scot](http://www.nhsinform.scot).

## چۆن زانیاری زیاتر دەست بخەم

- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەرشتێک لەم نامیلکەیە دا پەیوەندی بکە بە:
- دەرمانخانەی ناوچەکەی خۆت؛
- پزیشکی خۆت یان ئەندامێکی ستافی NHS کە بەشدارە لە چاودێریی تۆ؛
- هێڵی یارمەتی زانیاریی NHS بە ژمارەی ٠٨٠٠ ٢٢ ٤٤ ٨٨ (پەیوەندیکردن لە هێڵی زەمینی بەخۆڕاییە)، یان ماڵپەڕی NHS ئاگادار بکەوە بە ناونیشانی www.nhsinform.scot؛
- ڕێنمایی نەخۆش و خزمەتی پاڵپشتیی (PASS) بە ژمارە تەلەفۆنی ٠٨٠٠ ٩١٧ ٢١٢٧ یان نووسینگەی ڕێنمایی هاوڵاتیانی ناوچەکەی خۆت (نزیکترین نووسینگە لەسەر ماڵپەڕەکە بدۆزەوە بە ناونیشانی www.cas.org.uk یان لەناو تێنووسی تەلەفۆنی ناوچەکەی خۆت).

ئەم زانیاریە لەسەر ماڵپەڕی حکومەتی سکۆتلەندیی بەردەستە بە ناونیشانی (www.gov.scot) و لەسەر ماڵپەڕی زانیاری NHS (www.nhsinform.scot).

Crystal Mark 23289
Clarity approved by Plain English Campaign

Scottish Government
Riaghaltas na h-Alba
gov.scot

© مافی کۆپیکردنی Crown ٢٠٢٠

OGL

ئەم بڵاوکراوەیە مۆڵەتدراوە بەپێی مەرجەکانی مۆڵەتی کراوەی حکوومی وەشانی ٣,٠ مەگەر شتێکی پێچەوانەی ئەمە باسکرا بێت. بۆ بینینی ئەم مۆڵەتە سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە
**nationalarchives.gov.uk/doc/open-government-licence/version/3** یان نامە بنووسە بۆ تیمی سیاسەتی زانیاری، The National Archives, Kew, London TW9 4DU, یان ئیمەیل:
**psi@nationalarchives.gsi.gov.uk**.

لە حاڵەتێک کە ئێمە هەر لایەنێکی سێیەممان دیاری کردبێت بۆ ئەو زانیاری مافی لەبەرگرتنەوە کە پێویستت پێیە بۆ وەدەستهێنانی مۆڵەت لەسەر خاوەنەکانی مافی لەبەرگرتنەوەی پەیوەندیدار.

ئەم بڵاوکراوەیە بەردەستە لەسەر ماڵپەڕی **www.gov.scot**

هەر پرسیارێک لەسەر ئەم بڵاوکراوەیە دەکرێت بنێردرێت بۆ ئێمە بۆ ناونیشانی
حکوومەتی سکۆتلەندی
St Andrew's House
Edinburgh
EH1 3DG

ISBN: 978-1-83960-444-7
هەموار کراوەتەوە و دیسان چاپ کراوەتەوە لەگەڵ هەموارکردنێکی بچووک لەسەر پەڕەی ٧.

لەلایەن حکومەتی سکۆتلەندی، لە نیسانی ٢٠٢٠ بڵاوکراوەتەوە

بەرهەمهێنراو بۆ حکومەتی سکۆتلەندی لەلایەن گرووپی سکۆتلەندیی APS، 21 Tennant Street, Edinburgh EH6 5NA
PPDAS675394 (04/20)